ڕبەر ئەحمەد: گروپە چەکدارەکانی ئەپەزسیۆنی تورکیا و ئێران لە هەرێمی کوردستان تیرۆریست نیین

ڕبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان لەمیانەی بەشداریکردنی لە دیداری سلێمانی ئاماژەی بەوەکرد کە گروپە چەکدارەکانی ئەپەزسیۆنی تورکیا و ئێران لە هەرێمی کوردستان "تیرۆریست " نیین، بەڵکو ئەوە تەنها بەچوون و سیاسەتی ئەو وڵاتانەیە کە دەستواژەی تیرۆریستیان بە بەکاردەهێنن.

ڕبەر ئەحمەد جەختی لەوەکرد، کەمەک حزبی ئەپەزسیۆنی ئێران لە عێراق بوونیان هەیە، لەلایەن ئێرانەوە بە تیرۆریست ناودەبرێن، هەروەها تورکیا پارتی کرێکارانی کوردستان بەپێی بڕژووەندی خۆی بە تیرۆریست ناودەبات، بەڵام بە ئێمە وەکو عێراق ئێمانە تەنها حزبی ئەپەزسیۆنی کوردیین.

ڕبەر ئەحمەد وتیشی: "ئێمە لەگەڵ هەبوونی هیچ گروپێکی چەکداری نین لە هەرێمی کوردستان، بەڵام وڵاتانی دراوسێ بە بیانووی جیاواز هەرشدەکەنەسەر خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان و سەروەرییەکەی پێشل دەکەن".